ئازادی

FREEDOM OF SOCIETY

کۆمەڵگە

ژمارە(٥١) پاییز(٢٠٢٦)

سیاسیـــــــة، اجتماعیة فصلیة

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکیی، وەرزییە



## کۆمین بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایک



## بۆکچین و ئۆجالان: دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیڵ



## ڕۆژئاوای کورستان: لە بەرداشی دەوڵەت - نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆ لەگەڵ ئاهین عەلی

## هزرینی ئۆجالان: پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد

## سرووشت وەک بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین

## شکستی حوکمرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک

سیڤان سەعید



ڕێزێک بۆ

## شەهیدانی حەلەب

2026

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٥١ پاییز ٢٠٢٦



ڕێزێک بۆ

# شەهیدانی حەلەب

**شەهیدان:**

زیاد حەلەب

دەنیز چیا

ڕۆژبین ئامارا

دلبرین قامیشلۆ

هاوار قەندیل

فەراشین عەفرین

بەشداران
جەمیل بایک
وریا ئەحمەد
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
هەیفا کەمال
هێمن کاکە
ئازادە ڕەحمانیی
دەشتی مەحموود
سوورێن ئیبراهیم
هەردی دولبەر

دیزاین
گۆران پێنجوێنی

چاپخانە
چاپخانەی کارۆ

تیراژ
٥٠٠دانە

نرخ
٣٠٠٠دینار

ساڵی چاپ
پاییز ٢٠٢٦
٥١



دەستەی نووسەران:
نەجیبە قەرەداخی
پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

خاوەن ئیمتیاز
د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

سەرنووسەر
گۆران عەلی

ڕاوێژکاری یاسایی
ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی
کوردستان بە ژمارە متمانەی
(١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست


پێشەکی ........ ٧

کۆمین؛ بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایك ........ ٩

هزرینی ئۆجالان؛ پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد ........ ٣١

سرووشت وەك بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین ........ ٧٧

لە تاکگەرایی لیبراڵەوە بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆناڵ

عەلی ئەحمەد ........ ١٠٩

پاراستنی جەوهەری، بنەمای ناسنامەی ئازادە

زەینەب یەشیل ........ ١٦٥

بۆکچین و ئۆجالان؛ دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیڵ ........ ١٩٧

سەبارەت بە ڕەگەتۆڕ، فەزای تەخت، ماشێنە جەنگییەکان و میدیای نوێ

ڤێرینا ئەندرمات ........ ٢٢٣

شکستی حوکمڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیك

سیڤان سەعید ........ ٢٥١

ڕۆژئاوای کوردستان؛ لە بەرداشی دەوڵەت – نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆی ئازادیی کۆمەڵگە لەگەڵ ئاهین عەلی ........ ٢٨٩

ئەو کوڕەی نایەوێت ببێتە پاشا!

سوورێن ئیبراهیم ........ ٣١٥

ڕانانی پەرتووکی مانیفیستۆی ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیی

هەردی دولبەر ........ ٣٤٣

FREEDOM OF SOCIETY


## پێشەکی:

دەسەڵاتە ناوەندییە کلاسیکییە، ناکۆمەڵگەیی و باوکسالارییەکان، لەسەر لێواری خەرەندێکن، چونکە شتێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری دەرهێناوەتەوە، شتێک کە لانیکەم لە سەد ساڵەی قەسابخانەی دەوڵەت-نەتەوەدا هەمیشە لابراوە: کۆمەڵگە. کۆمەڵگە بەپێی ڕاستینەی خۆی و چاندەکەی، تا دێت ناپێویستبوونی پەرگاڵە ناکۆمەڵایەتییە دەسەڵاتگەرەکانی لا ڕوون دەبێتەوە.

هەر ئەمەش پێش کردە و جووڵە، پێویستیی بە وەڵامێکی تیۆریی و داڕشتنەوەیەکی تری سیاسیی و کۆمەڵایەتییە وەک نەخشەڕێی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بەرانبەر هەرسێ ئەسپسوارە مەحشەرییەکە: سەرمایەداریی و پیشەسازگەرایی و دەوڵەت-نەتەوە.

لەم گێژاوەدا، ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان لە پێواژۆی خەباتی سەدساڵەی سۆسیالیزمدا، سەرچڵییەکی تیۆریی دەکات؛ ئەو وەک هەڵهێنانی مەتەڵی ستەمکاریی، بە گوێی کۆمەڵگەدا دەچرپێنێت: «تێکڕای مێژووی مرۆڤایەتیی، بریتییە لە ململانێی نێوان کۆمۆن و دەوڵەت». شەڕی چینێکی سەردەست و زۆرینە لەگەڵ جڤاکە هەمەچەشنە چەوسێنراوەکەی کۆمەڵگە.

ئەم ژمارەیەی «ئازادیی کۆمەڵگە» ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنەیە بۆ ململانێی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتە چەپۆکسالارەکانی دەوڵەت و سەردەستەکان، کە تێیدا ڕێگەی ڕزگاریی بە ئازادیی ژن و ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیک دەستەبەر دەکرێت. ژمارەکە بە خوێندنەوەیەکی بنکۆڵئاسا و هەمەلایەنەی کۆمین وەک وەڵامی دەسەڵاتگەریی کەمینەی دەوڵەتەوە دەست پێ دەکات و تا ڕوانگەی چارەسەرسازی کۆمۆناڵ و ڕۆڵی میدیا و ئەگەری ڕزگاریی لە تۆڕەکانی چاودێریی دەسەڵات درێژ دەبێتەوە. هەروەتر، هەوڵی درووستکردنی گفتوگۆ لەگەڵ پێشەنگانی ئەنارشیست دەدات و بە خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ دوامانیفێستۆی ڕێبەر ئۆجالان، ئاسۆی بەرجەستەکردنەوەی سیاسەتی کۆمۆناڵ لە ڕۆژئاوای کوردستان دەخاتە ڕوو.



# سرووشت وەک بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین
وەرگێڕان: شێروان ئیبراهیم

## سەرنجی وەرگێڕ

ئەخلاق لەکوێوە دێت؟ بە چ دەردێکمان دەخوات؟ پیتەر کرۆپۆتکین گەرەکێتی وەڵامی ئەمە بداتەوە. هەڵبەت ئەم لێگەڕینەی وی، بە تەنها تەقەلا و باسوخواسێکی فەلسەفیی ئەبستراکت نییە، بەڵکوو وەک شۆڕشگێڕێکی ئەنارشیست، بەنیازە ئەنجامگیرییەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لێ هەڵێنجێت. پرسیار دەربارەی «چاکە» و «خراپە»، «خێر» و «شەڕ»، لە تێڕامانە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتیی بووە، بەتایبەت لە دەرکەوتنی کتێبی ئاڤێستاوە، زیاتر زەق دەبێتەوە. مرۆڤایەتیی هەر لەمێژە باوەڕێکی نەگۆڕی بەوە هەبووە کە چاکە براوە و خراپە بەزیووە، عاقیبەت هەر خێر بە سەر شەڕدا سەردەکەوێت.

بەڵام ئەخلاق لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ ئایا بەرهەمی وەحیی و ئیلهامێکی بانسرووشتییە، یاخود بەرئەنجامی ئەزموون و دەرگیربوونی مرۆڤە لەگەڵ سرووشت و ژینگەی دەوروبەر. تا مودەتێکی زۆر، مرۆڤ بەلای سەرچاوە میتافیزکیی و بانسرووشتییەکاندا دایدەشکاندەوە. بەڵام زانا و فەیلەسووفان، هەوڵیان دا ئەخلاق لە ڕەهەندە خورافیی و میتۆلۆژییەکان دابماڵن و ڕیشە سرووشتییەکانی بدۆزنەوە، واتە بناغەیەکی سرووشتیی و ئەقڵانیی ببەخشنە ئەخلاق.

پەیتا پەیتا زانستە سرووشتییەکان گەشەیان سەند، لقەکانی زانین لە وەهم و خورافە داماڵران، کەچی تێگەیشتنێکی زانستیی دەربارەی ئەخلاق بەدیار نەکەوت. لەمیانی ئەم گەشە و دۆزینەوە زانستییانەدا، چارڵز داروین و تیۆرەکەی دەربارەی پەرەسەندنی

جۆرەکان، ئەوەندەی تر گۆمەکەیان قووڵ کردەوە. یەک لە ئایدیا سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە، بریتییە لە «کێبڕکێ لەپێناو مانەوە». ئەمە بە لای داروینیستەکانەوە خوێندنەوەیەکی تاکڕەهەندی بۆ کرا، سرووشتیان وەک شەڕگەیەکی بەرین دەبینی، وەک گۆڕەپانی کێبڕکێیەکی نەپساوە کە تێیدا لاوازەکان لەلایەن بەهێز و گورجوگۆڵ و زیرەکەکانەوە پاکتاو دەکرێن، وەک بێژی، خراپە تاکە شتە مرۆڤ بتوانێت لە سرووشتەوە فێری بێت. بەمەش پرسیارە دێرینەکە هاتەوە سەر شانۆ: ئایا سرووشت ئەخلاقییە یان نا؟

بەڵام گەر سرووشت ئەم شەڕگەیە بێت، تەنها شەڕ و خراپەمان فێر بکات، ئەدی هەستە ئەخلاقییەکان و باوەڕبوون بە چاکەی باڵا لای مرۆڤ لەکوێوە دێت؟ خۆ ناکرێ لەم مەیدانی شەڕ و خراپەیەوە بێ، هەر دەبێ سەرچاوەیەکی بانسرووشتیی و دەرەسرووشتیی هەبێت. ئەمەش گرێکوێرەیەکە کە دەبێ لایەنگرانی ئەم تێگەیشتنە لە داروینیزم چارەی بۆ بدۆزنەوە. بەڵام شتەکە بە جۆرێکی ترە، داروین لە کتێبی «بنەچەی مرۆڤ»دا، ئاماژەی بە ڕەهەندێکی تری ژیانی سرووشتی کردووە. پێی وایە، لەنێو خودی سرووشتدا، بێجگە لە کێبڕکێ، چەندەها فاکتەری تر هەن؛ بۆ نموونە، «هاوکاریی هاوبەش»ی نێو هەمان جۆری زیندەوەر، تەنانەت ئەم فاکتەرە گرنگترە لە فاکتەری «کێبڕکێ»، چونکە دەچێتە خزمەتی مانەوە و خۆشگوزەرانی ئەو جۆرە زیندەوەرەوە. بەڵام زۆرێک لە داروینیستەکان، ئەقڵیان بەم ئایدیایە نەشکاوە.

کامە جۆری گیانەوەران توانای مانەوەیان باشترە؟ دڕندە

کەڵپــەدار و چڕنووکــدار و بەهێــزەکان، یــان ئــەو جــۆرە لاوازانــەی لەڕێی هاوکاریی هاوبەش و کۆمەڵایەتیبوونەوە خۆیان پاراستووە؟ مامۆت و دایناسـۆرە زەبەلاحـەکان قڕیـان تێ کـەوت، کەچی مێروولە و هەنگـە بچکۆلـەکان مانـەوە. کەوابێ، چڕنـووک و کەڵبـە و توانـای ڕاوکـردن، مانەوەیـان مسـۆگەر نەکـرد؛ بەڵکـوو کۆمەڵایەتیبـوون و هاوکاریـی و خۆپاراسـتنی هاوبـەش فاکتـەری سـەرەکیی مانـەوەی جۆری گیانـەوەرن. مانـەوە و باڵادەسـتیی مـرۆڤ لەنێو گیانەوەراندا لەکوێـوە دێـت؟ هـەر بـۆ ئـەم کۆمەڵایەتیبـوون و هاوکاریـی و خۆپاراسـتنە هاوبەشــە دەگەڕێتــەوە.

بـە بـڕوای داروین، هاوکاریـی هاوبـەش لەنێـو گیانەوەرانـدا، هێنـدەی غەریـزەی دایکایەتیـی ڕیشـەدار و دێرینـە. چـۆن چـاو بـە نێو سرووشـتدا بگێڕین، ئـەم غەریزەی هاوکارییـە هاوبەشـە، لەنێو جۆرەهـا گیانـەوەر و باڵـندەی کۆمەڵایەتییدا دەبینینـەوە. کرۆپۆتکیـن نموونـەی باڵـندە کۆچەرییـەکان دەهێنێتـەوە، چـۆن بـە پـۆل کـۆچ دەکـەن، بەبێ شـەڕ و شـۆڕ، لەنێو خۆیاندا لەسـەر شـوێنی خـۆراک و چێکردنی هێلانـە دەسازێن، جۆرێک لـە یەکسـانیی و دادپەروەریی سـەرەتایی لەنێو خۆیانـدا پیادە دەکـەن؛ هیـچ باڵندەیـەک بـۆی نییـە پـووش و هێلانـەی باڵندەیەکی تـر بدزێت و داگیری بکات، گـەر ئـەم سـەرپێچییە بکات، ڕووبـەڕووی هێـرش و پەلامـاری هاوجۆرەکانـی دەبێتەوە. یان، ڕێکخستن و کار دابەشکردن لای مێروولە و هەنگەکان ببینـە، بڕوانـە لـە فیداکاریـی تـاک لەپێنـاو کۆمـەڵ و گرووپەکەیـدا، ئەمانـە هەموویـان نابنـە ئیلهامبەخشـی ئەخـلاق لای مـرۆڤ؟ نابنـە

تۆوی هەستی یەکسانیی و دادپەروەریی؟ ئیتر بۆچی سرووشت تەنها شەڕگە و کانگای خراپەیە. بە بڕوای کرۆپۆتکین، تێرامان لە سرووشت و ژیانی گیانەوەران، سەرچاوەی تێگەیشتنی مرۆڤە دەربارەی چاکە و خراپە، یەکسانیی و دادپەروەریی. بۆیە ئەم تێگەیشتنانە جێکەوتی سرووشتن لەنێو زەینی مرۆڤدا، هەروابێتەوە، مرۆڤ قەرزاری سرووشتە بۆ ئەم تێگەیشتنانە.

## پیتەر کرۆبۆتکین کێیە؟

پیتەر ئەلکسێڤیچ کرۆپۆتکین (١٨٤٢-١٩٢١)، فەیلەسووف و شۆڕشگێڕێکی ئەنارشیستی بەنێوبانگی ڕووسییە. لایەنگری کۆمۆنیزمێکی ئەنارشیستییە، باوەڕی بە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی ناناوەندیی هەبووە. بە بڕوای وی، دەبێ جڤاکە خۆبەڕێوەبەرەکان لەبری دەوڵەتە ناوەندییەکان دابمەزرێن، کارگە و شوێنکارەکانیش بە هاوبەشیی بەڕێوە ببرێن. لە سەردەمی قەیسەرییدا، بەهۆی خەبات و چالاکییەکانییەوە دەخرێتە زیندان، زیاتر لە ٤٠ ساڵی ژیانی لە دەربەدەرییدا بەسەر دەبات. پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەڵشەڤییەکان لە ساڵی ١٩١٧، دەگەڕێتەوە بۆ ڕووسیا. بەڵام بە ئاشکرا ڕەخنە لە دەسەڵاتە ناوەندگەراییەکەی بەڵشەڤییەکان دەگرێت. لە بەرهەمەکانیدا، سەرباری ڕەخنەکانی لە سەرمایەداریی، ڕەخنەی توند ئاڕاستەی سۆسیالیزمی دەوڵەتیی دەکات. پێی وایە، دەوڵەت لەژێر هەر ناوێکدا بێ، هەر سەردەکێشێت بۆ سەرکوت و چەوساندنەوە و نایەکسانیی.

## دەقە وەرگێڕدراوەکە

وەختــێ دەڕوانینــە دەسـکەوتە بێشـومارەکانی زانسـتە سرووشـتییەکانی سـەدەی نۆزدە، لەگـەڵ ئـەو بەڵێنانـەی بۆ داهاتـوو هەڵیانگرتـووە، ئیتـر دەزانیـن مرۆڤایەتیـی پێـی ناوەتـە نێـو چاخێکـی نوێی پێشکەوتنەوە؛ یان لانی کـەم، هەمـوو ئامـرازە پێویسـتەکانی بۆ کردنـەوەی دەرگاکانـی ئـەم چاخـە نوێیـە لـە بەردەسـتە.

لـە میانـی ئـەم سـەد سـاڵەی ڕابـردوودا، چەندیـن زانسـتی نـوێ دەرکەوتـن، وەک ئەنترۆپۆلۆژیـا(i) و ئیتنۆلۆژیـای پێش‌مێژوویـی(ii) (زانسـتی دامـەزراوە کۆمەڵایەتییە بەرایی‌یـەکان) و مێژووی ئایینـەکان. ئـەم لقانـەی زانیـن، تێگەیشـتنێکی نوێیـان سـەبارەت بـە یاسـاکانی پەرەسـەندنی گـرۆی مرۆڤایەتیـی خسـتە بەردەسـتمان. هەروەهـا لـە سـایەی دۆزینەوەکانـی بـواری فیزیـا، بـە تایبـەت فیزیـای گـەردەکان و پێکهاتـەی کیمایـی ماددەکان، تێگەیشـتنمان بـۆ گـەردوون، گـۆڕا. پاشـان، بەهـۆی گەشـەی خێـرای بایۆلۆژیـا، سـەرهەڵدانی تیـۆری پەرەسـەندن(iii)، پێشـکەوتنی توێژینـەوەکان دەربـارەی دەروونناسـیی مـرۆڤ و گیانـەوەران، تیرِوانینەکانی پێشـوومان سـەبارەت بـە پێگەی مـرۆڤ لەنێـو گـەردوون، بنەچـەی ژیـان، سرووشـتی ئەقـڵ، لـە ڕیشـەوە هەڵتەکێنـران.

---

(i) Anthropology.
(ii) prehistoric ethnology.
(iii) Evolution.

ئەوەنــدە بــەس نییــە بڵێیــن، پێشــکەوتنی هەمــوو لقەکانــی زانســت، جگــە لــە گەردووناســیی، لــە ســەدەی نــۆزدەدا، زۆر زیاتــرە لــەو پێشــکەوتنەی لــە ســێ بــۆ چــوار ســەدەی پێشــوو بەدەســتی هێنــاوە. بگــرە، دەبــێ بگەڕێینــەوە بــۆ ۲۰۰۰ ســاڵ پێش ئێســتە، بۆ ســەردەمی شــکۆمەندیی و بوژانــەوەی فەلســەفە لــە یۆنانــی کــۆن، تــا قۆناغــی بێداربوونەوەیەکــی تــری هاوشــێوە لــە هۆشــی مــرۆڤ بدۆزینــەوە. هێشــتا ئــەم بــەراوردە زۆر ناپێکێت، ئاخــر ئــەوکات مرۆڤایەتیی ئــەم پێشــکەوتنە تەکنیکییــەی بەخــۆوە نەدیبــوو. هەڵبــەت ئاخیرەکــەی هــەر ئــەم پێشــکەوتنە تەکنیکییــە ڕێخۆشــکەرە بــۆ خۆڕزگارکردنــی مــرۆڤ لــە کاری کۆیلەئاســا.

هــاوکات، لــە ئەنجامــی دۆزینــەوە زانســتییەکاندا، مرۆڤــی مۆدێــرن پــەرەی بــە ڕۆحێکــی داهێنانــی گەنجانــە و بوێرانــە دا؛ بــەم جــۆرە، داهێنانــە یــەک لــەدوای یەکــەکان، بوونــە مایــەی زیادبوونــی توانــای بەرهەمهێنانــی کاری مــرۆڤ؛ بــە جــۆرێ، چیتــر گەلانــی شارســتانیی و مۆدێــرن، دەیانتوانــی بگەنــە ئەوپــەڕی خۆشــگوزەرانیی. لــە ســەردەمە دێرینــەکان و ســەدەکانی ناوەڕاســت، بگــرە لــە نیــوەی یەکەمــی ســەدەی نۆزدەیشــدا، کــەس نەیدەتوانــی خــەون بــەم ئاســتە لە خۆشــگوزەرانییەوە ببینێ. یەکەمجارە لە مێژووی شارســتانییەتدا، مــرۆڤ بــە ئاســتێک گەیشــتووە، ســەرچاوەی تێرکردنــی پێویســتییەکانی لــە خــودی پێویســتییەکان زیاتــرن. لێــرەوە، چیتــر نەیگــەرەک بــەڵای نەهامەتیی و زەلیلیی بەسەر زۆرینەی مرۆڤەکاندا دابباریێنرێت، لەپێناو مەیســەرکردنی خۆشــگوزەرانیی و گەشەی زەینیی زیاتری کەمینەیەک.

لەمەودوا، دەتوانرێ خۆشگوزەرانیی بۆ هەمووان برەخسێنرێت، بەبێ سەپاندنی سەرکوت، بەبێ سەپاندنی کار و زەحمەتێک کە مرۆڤ لە مرۆڤبوون دادەماڵێ؛ چیتر مرۆڤایەتیی دەتوانێ تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتیی لە سەر بنەمای دادپەروەریی دابڕێژێتەوە.

ئایا گەلانی شارستانیی و مۆدێرن ئەوەندە بوێریی و توانای بنیادنان و داهێنان شک دەبەن تاوەکو ئەم سەرکەوتنانەی ئەقڵی مرۆڤ بخەنە خزمەتی چاکەی گشتییەوە؟ هێشتا دیار نییە. ئایا ئەم شارستانییەتەمان ئەوەندە تۆکمە و بوێرە، بتوانێت ئەرکێکی وەها بگرێتە ئەستۆ و بە ئەنجامی بیگەیەنێت؟ جارێ دڵنیا نین. بەڵام شتێک مسۆگەرە: پێشکەوتنە زانستییەکان، کەشوهەوایەکی ئەقڵانییان ئافراندووە تاوەکو لەپێناو بەدیهێنانی ئەم ئەرکە مەزنە، هێز و زانینی پێویست بدۆزینەوە.

لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە، فەلسەفەی سرووشت فەرامۆش کرابوو، تا ئەوکاتەی فرانسیس بیکۆن توێژینەوەی زانستیی لە خەوە قووڵەکەی بێدار کردەوە؛ پاشان، بە گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی سرووشت، زانستی مۆدێرن توانی فەلسەفەی گەردوون لە گریمانە بانسرووشتیی و میتافیزیکییەکان «ئایدیا میتۆلۆژییەکان» ڕزگار بکات. بەمەش بناغەی فەلسەفەیەکی مەزن و شاعیرانە و ئیلهامبەخش و ئازادیخوازانەی دانا، کە لە توانایدایە هێزی نوێ بهێنێتە بوون. چیتر پێویست ناکا مرۆڤ ئایدیاڵەکانی دەربارەی جوانیی و کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر، لە خورافە بئاڵێنێت: چیتر بۆ داڕشتنەوەی کۆمەڵگە، پێویستی بە حیکمەتێکی باڵا نییە. دەتوانێ

ئایدیاڵەکانـی لـە سرووشـتەوە وەربگـرێ و هێـزە پێویسـتەکانیش لەڕێـی لێکۆڵینـەوە لـە ژیانـی سرووشـتیی، بدۆزێتـەوە.

یەکێک لـە گرنگترین دۆزینەوەکانی زانستی مۆدێرن، لەنێونەچوویی وزەیـە: سـەرەڕای هەمـوو ئـەو بارگۆڕانانـەی لـە گەردوونـدا پێیـدا تێدەپەڕێـت، وزە لەنێـو ناچێت. ئـەم ئایدیایـە لای فیزیایـی و ماتماتیکزانـەکان بـووە هەوێنـی دۆزینـەوەی بێشـوومار. ئـەم دۆزینەوەیە، چەنـدە ئیلهامبەخشـی هەمـوو لێکۆڵینـەوە زانسـتییەکانە؛ ئەوەنـدەش بایەخـی فەلسـەفیی هەڵدەگرێت. لەمـەوە حاڵـی دەبیـن، ژیانـی گـەردوون هـەر زنجیرەیەکی ناکۆتایە لـە بارگۆڕانـی وزە: ڕەنگە وزەی میکانیکیی بگۆڕێـت دەنـگ و ڕووناکیـی و کارەبـا، پێچەوانەکەشـی ڕاسـتە؛ واتـە هــەر فۆرمێکـی وزە دەشـێت بگۆڕێـت بـۆ فۆرمێکـی تـر. لەمیانـی ئـەم بارگۆڕانانە، هەسـارەکەمان لەدایک دەبێت، پەرە دەسـێنێت، بێ یەکودوو خاپوور دەبێت و دیسـانەوە لەنێو گەردوونـی مەزنـدا دەتوێتـەوە؛ هەموو ئەمانـەش دیمـەن و سـاتێکی کورتـە لـە ژیانـی گەردوونـدا.

هەمـان شـت بـۆ لێکۆڵینـەوە دەربـارەی ژیانـی ئۆرگانیـی ڕاسـتە. بەپێـی ئـەو لێکۆڵینەوانـەی لـە سـنوورە بەرفراوانەکـەی نێـوان جیهانـی ئۆرگانیی و نائۆرگانیی کـراون، پرۆسـەی ژیانێکی بەرایـی لای کەڕووە سـەرەتاییەکان دەدۆزرێتـەوە؛ لەمـەوە، جیاکردنـەوەی جیهانـی ئۆرگانیی لـەو گۆڕانـە ئەتۆمییـەی بـەردەوام لەنێـو تەنـە ئاڵۆزەکانـدا ڕوو دەدەن، چیتـر ئاسـان نییـە، گـەر مەحـاڵ نەبێت. ئـەم لێکۆڵینەوانـە، ئیتر ژیانیـان لـە ڕەهەنـدە جادووییەکـەی داماڵـی. هـاوکات، ڕوانینمـان بـۆ ژیـان هێنـدە فـراوان بـووە، ناچاریـن هـەر کەڵەکەبوونێکـی مـاددە لـە گەردوونـدا ـــ

جا لـه دۆخـی ڕەقیـی، شـلیی یـان گازیـی بێـت (وەک تەمەستێرە(i)ـی نێو گەردوون)ـ، وەک شتێکی زیندوو ببینین کە بـە هەمـان پرۆسـەی پەرەسـەندن و شـیبوونەوەی بوونـەوەری زینـدوودا ڕادەبوورێت. بـە گەڕانـەوە بـۆ ئایدیاکانـی سـەردەمی یۆنانـی کـۆن، زانسـتی مۆدێـرن هەنـگاو بـە هەنـگاو کەوتـە شـوێنی پەرەسـەندنە عاجباتییەکـەی بوونـەوەری زینـدوو، لـەو فۆرمـە سـەرەتاییانەوە کـە بـە ئاسـتەم دەتوانیـن وەک ئۆرگانیـزم پۆلێنیـان بکەیـن، ئـەم هەمەجۆرییە ناکۆتایەی زیندەوەرانـی لـێ بەرهـەم هـات کە ئێسـتا سەرانسـەری زەوییـان تەنیوە. بایۆلۆژیا ئێمـەی تێگەیاند کە هەموو زیندەوەرێک بەرهەمـی ژینگـەی دەوروبەرێتـی، لەمەشـەوە، یەکـێ لـە گرێکوێرە قورسـەکانی سرووشـتی کـردەوە: فێـری کردیـن چـۆن لە هـەر هەنگاوێکدا خۆ لەگـەڵ هەلومەرجە جۆراوجۆرەکانـی ژیانـدا بگونجێنیـن.

تەنانـەت لـە سـەیرترین دیاردەکانـی ژیانیشـدا؛ واتـە، پانتایـی هەسـت و بیرکردنـەوەکان کـە تاریـک و ناڕوونتریـن پانتاییـە، لەوێدا کـە ئەقڵـی مـرۆڤ ناچـاری وەرگرتـن و ڕێکخسـتنی ئـەو جێکەوتانەیـە وا لـە دنیـای دەرەکییـەوە دەیگەنـێ، هێشـتا مـرۆڤ لەڕێـی توێژینـەوە فیسـیۆلۆژییەکانەوە، توانی درک بە میکانیزمەکانی بیرکردنەوە بکات.

دواجـار، بوارێکـی بەرفـراوان لـە دامـەزراوە مرۆییـەکان و عـادەت و یاسـا و خورافـە و بـاوەڕ و ئایدیاڵـەکان، لـە ڕێـی قوتابخانەکانـی مێـژووی ئەنترۆپۆلۆژیـی و یاسـاکان و ئابوورییـەوە، ڕوون کرایـەوە؛ لەمـەودوا، دەتوانیـن بەوپـەڕی متمانـەوە بڵێیـن، درووشـمی «زۆرتریـن

---

(i) Nebula.

بەختەوەریی بۆ زۆرترین کەس»، چیتر خەون و یۆتۆپیایەک نییە، بەڵکوو زۆر مومکینە. ئینجا لەمەوە دڵنیا بووینەوە کە خۆشگوزەرانیی و بەختەوەریی هیچ نەتەوە و چینێک، بە شێوەیەکی کاتییش بێت، بە چەوساندنەوە و سەرکوتکردنی چین و نەتەوە و نەژادەکانی تر، مەیسەر نابێت.

لەمەوە، زانستی مۆدێرن ئامانجێکی دووسەرەی پێکا: یەکەم، مرۆڤی فێری خاکەڕایی کرد. مرۆڤی تێگەیاند کە ئەویش هەر تەنۆلکەیەکی بچکۆلەیە لەنێو گەردوونی پانوبەریندا؛ بەمەش مرۆڤی لە خۆجیاکردنەوە لوتبەرزانە و تەنگەکەی ڕزگار کرد، ئەو خۆفریودانەی مرۆڤی پووچەڵ کردەوە کە خۆی بە چەقی گەردوون و هەڵبژێردراوی خودا دەزانی. زانست مرۆڤی فێر کرد کە «ئیگۆ»(i) بەبێ گشت(ii) هیچ نییە، هیچ «من»(iii)ێک بەبێ «تۆ»(iv) توانای خۆپێناسەکردنیشی نییە. دووەم، زانست مرۆڤی فێر کرد چەندە توانای پێشکەوتنی لەباردایە گەر ئاقڵانە سوود لە وزە بێسنوورەکانی سرووشت وەربگرێت.

بەم جۆرە، زانست و فەلسەفە، هێزی ماددیی و ئازادیی فیکریی پێویستیان ڕەخساند، ئەویش لەپێناو بووژاندنەوەی ئەو هێزە بنیادنەرانەی دەتوانن مرۆڤ بخەنە سەر شاڕێی پێشکەوتن. کەچی، لقێکی زانین هەر لە دواوە مایەوە؛ ئەویش ئەخلاقناسیی و ئاشنابوونە

(i) Ego.
(ii) Whole.
(iii) I.
(iv) Thou.

بە پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئەخلاق. هاوکاتی زانستی هاوچەرخ و بە سوودوەرگرتن لە دەسکەوتەکانی زانست، دەبوو سیستەمێکی ئەخلاقیی لە سەر بناغەیەکی فەلسەفەیی بەرفراوان دابمەزرایە، تاوەکوو ببێتە ئیلهامبەخشی نەتەوە شارستانەکان بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە مەزنەکەی بەردەمیان. هێشتا سیستەمێکی وەها نەهاتووەتە بەرهەم، کەچی لە هەموو جێیەک شوێنە خاڵییەکەی هەستی پێ دەکرێت. مرۆڤایەتیی وەک نان و ئاو پێویستی بە زانستێکی ئەخلاقییە کە هاوشێوەی فەلسەفە و زانستی مۆدێرن، لە خورافە و دۆگمای ئایینیی و ئوستوورەی میتافیزیکیی دابماڵرێت، هاوکات وەک زانینە مۆدێرنەکان دەربارەی مرۆڤ و مێژوو، پڕ بێت لە هەست و هیوای بەرز.

بێ هیچ گومانێ، دامەزراندنی زانستێکی وەها، فرە مومکینە. مادام لێکۆڵینەوە لە سرووشت توانی بنچینەی فەلسەفەیەک دابنێت بۆ تێگەیشتن لە تەواوی ژیانی نێو گەردوون و پەرەسەندنی زیندەوەران و یاساکانی ژیانی دەروونیی و پەرەسەندنی کۆمەڵگەکان؛ ئەوا هەمان لێکۆڵینەوە دەتوانێ ڕاڤەیەکمان دەربارەی بنەچە و سەرچاوەی ئەقڵانیی هەستە ئەخلاقییەکان بداتێ. گەرەکە ئەم لێکۆڵینەوانە، شوێنی ئەو هێزانەمان پیشان بدەن کە دەتوانن هەستە ئەخلاقییەکانی نێومان بگەیەننە ئەوپەڕی بڵندیی و پاکێتیی. گەر تێڕامان لە گەردوون و لە نزیکەوە ئاشنابوون بە سرووشت، بووبێتە ئیلهامبەخشی سرووشتگەرا(i) و شاعیرە مەزنەکانی سەدەی نۆزدە، گەر قاڵبوونەوە لە سرووشت، تێڕامان لە زریانە توندەکان

---

(i) Naturalist.

و کێوە هێمنەکان و جەنگەڵە تاریکەکان و جەنگەڵنشینان، گڕوتینی ژیانی لای گۆتە و شێلی و بایرۆن و لیرمۆنتۆڤ زیاتر کردبێ؛ ئیتر بۆچی قووڵبوونەوەی زیاتر لە ژیان و چارەنووسی مرۆڤەکان، بە هەمان ئاست نەبێتە ئیلهامبەخشی شاعیران؟ مادام شاعیر دەتوانێ بە جوانترین شێوە گوزارشت لە پێوەندییەکەی لەگەڵ گەردوون و یەکبوونی لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا بکات، ئەوا دەتوانێ بە هەست و شەوقە شیعرییەکەی ببێتە ئیلهامبەخشی ملیۆنان مرۆڤ. مرۆڤەکان هان دەدات هەست بە باشتر بکەن، بگرە ئارەزووی باشتربوونی زیاتریان تێدا بێدار دەکاتەوە. ئەو سەرمەستییە لە مرۆڤەکاندا دەبووژێنێتەوە کە پێشتر بە هی ئایین دادەنرا. ئەو زەبوورانەی وەک بالاترین گوزارشت لە هەستی ئایینیی دەدرێنە قەڵەم، هەتا برگە هەرە شیعرییەکانی نێو کتێبە پیرۆزە ڕۆژهەڵاتییەکان، هەر گوزارشتن لەو سەرمەستییەی وا کەسی تێڕاماو لە گەردوون پێی دەگات، لە هەستی شیعریی بەرانبەر بە سرووشت.

لە سالانی سەرەتای بووژانەوەی زانستییەوە، درک بە پێویستیی ئەخلاقێکی ڕیالیستیی کرا، ئەو دەمەی فرانسیس بیکۆن بناغەی پێشوەچوونی زانستەکانی دارشت، هەر ئەوکات هێڵە گشتییەکانی ئەخلاقی ئەزموونیی دەستنیشان کرد؛ ڕاستە، ڕەنگە کەمتر لە شوێنکەوتووەکانی کردبێت، لێ ڕوانگەیەکی وەها بەرفراوانی خستە ڕوو، کەم کەس وەک ئەویان پێ کرا، بگرە بە ئێستاشەوە تۆزێک پێشیمان داوەتەوە.

باشترین بیرمەندەکانی سەدەی حەڤدە و هەژدەش هەمان ڕێچکەیان گرتە بەر، ویستیان سیستەمی ئەخلاقیی سەربەست

لـە دەسـتوورە ئایینییـەکان دابمەزرێنـن. لـە ئینگلتـەرا، هەریـەک لـە هۆبـز و کـودۆرس و لـوک و شافتسـبوری و پەیلـی و هاچسـۆن و هیـوم، بەوپـەڕی بوێرییـەوە هەمـوو ڕەهەندەکانـی ئـەم پرسـەیان پشـکنی. هەموویـان سرووشـت بـە سـەرچاوەی هەسـتی ئەخلاقیـی دەزانـن؛ پەیلـی لـێ دەرکـەی، هـەر هەموویـان لـە گۆشـەنیگایەکی ئەزموونگەراییانـەوە دەڕواننـە ئامانجـە ئەخلاقییـەکان. بـە ڕێگـەی جۆراوجـۆر هەوڵیـان دا ئەقڵانییـەت و سـوودخوازییەکەی جـۆن لـۆک لەگـەڵ هەسـتی ئەخلاقیـی و جوانیـی لای هاچسـۆن، هەروەهـا تیـۆری بەزەینداهێنانـەوە لای هارتلـی و ئەخلاقـی هەسـتەکان لای شافتسـبوری، پێکـەوە گـرێ بـدەن. سـەبارەت بـە ئامانجەکانـی ئەخلاقناسـیی، هەندێکیـان باسـی سـازانێک دەکـەن لەنێـوان خـۆ-خۆشویسـتن و ڕەچاوکردنـی ئەوانـی تـر، ئـەم بۆچوونـە لەنێـو تیـۆرە ئەخلاقییەکانـی سـەدەی نـۆزدەدا، بایەخێکـی گـەورەی پەیـدا کردبـوو، ئـەوکات ئەخـلاق دەبەسـترایەوە بـە ئایدیـای «ئـارەزووی ستایشـکران» لای هاچسـۆن یـان «هاوسـۆزیی» لای هیـوم و ئـادەم سـمیس. کاتێـک گیریـان بەدەسـت دۆزینـەوەی بناغەیەکـی ئەقڵانـی بـۆ هەسـتی ئەرکداریـیـەوە دەخـوارد، ئیتـر پەنایـان بـۆ کاریگەرییـە دێرینەکانـی ئاییـن یـان «هەسـتێکی فیترییـی» دەبـرد، یاخـود وردە گۆڕانکارییـان لـە تیۆرەکـەی هۆبـزدا دەکـرد کـە پێـی وایـە یاسـاکان هـۆکاری سـەرەکیی دەرکەوتنـی کۆمەڵگەکانـن و مرۆڤـە کێوییـی و بەراییـەکان ئاژەڵـی ناکۆمەڵایەتییـن.

فەیلەسـووفە ماتریاڵیسـت و ئینسکلۆپیدیسـتە فەرەنسـییەکان، لـە

هەمان گۆشەنیگاوە لە پرسەکەیان دەڕوانی؛ بەڵام زیاتر جەختیان دەکردەوە لە خۆ_خۆشویستن و دەیانویست سەنتێزێک بدۆزنەوە لەنێوان مەیلە ناکۆکەکانی نێو سرووشتی مرۆڤ: مەیلی تەنگ_خۆپەرست و مەیلی کۆمەڵایەتیبوون. پێداگرن لەوەی کە ژیانی کۆمەڵایەتیی ڕێخۆشکەرە بۆ پەرەپێدانی باشترین ڕەهەندەکانی نێو سرووشتی مرۆڤ. ڕۆسۆ لەڕێی ئایینە ئەقڵانییەکەیەوە، بووە پردی پەیوەندیی نێوان ماتریاڵیستەکان و شهوودگەراکان(i)، بە هێرشی بوێرانەی بۆ سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمەکەی، نێوبانگی لە هەموویان زیاتر بوو. لەولاشەوە، گەورە ئایدیاڵیستەکانی وەک دیکارت و سپینۆزای شاگردی کە بانگەشەی یەکێتیی بوونی(ii) دەکرد، تەنانەت ئایدیاڵیست_ترانسیێندێتاڵیست(iii)ێکی وەک ئیمانوێل کانتیش، هەرگیز قەناعەتیان بەوە نەبووە کە وەحیی تاکە سەرچاوەی ئایدیاڵیزمی ئەخلاقییە، هەردەم کۆشاون تاوەکو بناغەیەکی فراوانتر بۆ ئەخلاق بدۆزنەوە، بەبێ ئەوەی سەرچاوە بانمرۆییەکانی یاسا ئەخلاقییەکان ڕەتبکەنەوە.

لە سەدەی نۆزدە، ئەم هەوڵە بۆ دۆزینەوەی بناغە ڕیاڵیستییەکانی ئەخلاق، ئەوەندەی تر پەرەی سەند. چەندەها سیستەمی ئەخلاقیی دامەزرا: خۆ-خۆشویستنی ئەقڵانیی یان خۆشویستنی مرۆڤایەتیی (ئۆگەست کۆنت و ئەمیل لیترێ و ئەوانی تر)؛ هاوسۆزیی یان هاوشوناسبوونی ئەقڵانیی کەسایەتیی تاک لەگەڵ مرۆڤایەتیی

(i) Intuitionists.

(ii) Pantheism.

(iii) transcendentalist-idealist.

(شـۆپنهاوەر)؛ سـوودخوازیی (جێرێمـی بێنتـام و جـۆن سـتیوارت میـڵ)؛ پەرەسـەندن (دارویـن و هێربێـرت سپێنسـەر و جـان مـاری گویـو)؛ بێجگـە لـە سیستەمە ڕەتکەرەوەکانی ئەخـلاق کـە دەگەڕێنەوە بۆ لارۆشـفۆکۆ و ماندڤێل، دواتـر لـە سـەدەی نۆزدە، نیچـە و ئەوانـی تـر پەرەیـان پـێ دا؛ ئەمانـە هێرشـی توندیـان دەکـردە سـەر تێگەیشـتنە ئەخلاقییـە کۆنبـاوەکان، دەیانویسـت پێـوەری ئەخلاقیـی بەرزتـر بچەسپێنن و پێوەری ئەخلاقیی بڵندتریان بە شایستەی تاک دەبینی.

پۆزەتیڤیزم(i)ـی ئۆگەسـت کۆنـت و سـوودخوازییەکەی جێرێمـی بێنتـام، کاریگەریـی گەورەیـان لەسـەر فیکـری ئـەم سـەدەیە جێهێشـت. شـوێنەواری پۆزەتیڤیزمـی ئۆگەسـت کۆنـت، بـە سـەر تـەواوی ئـەو توێژینەوە زانستییانەوە دەبینرێت کە شانوشـکۆ دەبەخشـنە زانسـتی مۆدێرن. هـەر ئـەم دوو تیۆرە، دەبنە سـەرچاوەی چەندەها سیسـتەمی لاوەکیـی؛ لێـرەوە، چەندیـن نووسـەری بوارەکانـی دەروونناسـیی و پەرەسـەندن و ئەنترۆپۆلۆژیـا، لەڕێـی توێژینـەوەی ڕەسـەن و بەنرخـەوە، ئەدەبییاتـی ئەخلاقییـان دەوڵەمەندتـر کـرد؛ لەوانـەش: لودویـگ فۆیەربـاخ، ئەلێکسـاندەر بەیـن، لێسـلی سـتیڤن، جۆرێـف پرۆدۆن، ڤیلهێلم ڤونت، هێنری سیجویک، جان ماری گویو، فریدریک یۆدل و ئەوانی تر. تەنانـەت، چەندین کۆمەڵـەی ئەخلاقیی دەرکەوتن کـە پرۆپاگەندەیـان بـۆ ئەخلاقێکـی ئەزموونگەراییانـە و نائاییینیـی دەکـرد. هـەر لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی نۆزدە، چەنـد بزاوتێـک لـە ژێـر ناوەکانـی «فۆریەریزم» و «سـان سـیمۆنیزم» و «ئۆوینیزم»،

(i) Positivism.

پاشـان سۆسـیالیزمی ئەنتەرناسـیۆنال و ئەنارشـیزم، دەرکەوتـن؛ ڕاسـتە، لـە بنەڕەتـدا بزاوتـی ئابووریـی بـوون، بـەڵام وەردەگەڕانـە سـەر بزاوتـی ئەخلاقیی. ئـەم بزاوتانـە تادەهـات لـە برەودا بـوون، بـە یارمەتیی کرێکارانـی جیهـان، بێجگـە لـە چاوخشـاندنەوە بـە بنەماکانی تێگەیشـتنی بـاو دەربـارەی ئەخـلاق، دەیانویسـت بـە جۆرێـک ژیـان دابڕێژنـەوە کـە ببێتـە مایـەی هەڵدانـەوەی لاپەڕەیەکـی نـوێ لـە ژیانی ئەخلاقیـی مرۆڤایەتییـدا.

لـە دوو سـەدەی ڕابـروودا، گەلێـک سیسـتەمی ئەخلاقیـی دەرکەوتـن؛ بۆیـە هـەر هەوڵێـک لـەم بـوارەدا دەبـووە دووبارەکردنەوە یـان کۆکردنـەوەی پارچـەی سیسـتەمەکانی پێشـوو. بـەڵام مـادام ئـەو سیسـتەمە سـەرەکییانەی لـە سـەدەی نـۆزدەدا دەرکەوتـن، مەبەسـتم پۆزەتیڤیزمـی کۆنـت، سـوودخوازییەکەی بێنتـام و میـڵ، پەرەسـەندنگەرایی خۆنەویسـتانە، واتـە تیـۆری پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتیـی ئەخـلاق لای داروێـن و سپێنسـەر و گویـۆ، توانیـان شـتانێکی نـوێ بـۆ تیۆرەکانـی پێشـووتر سـەربار بخـەن؛ کەواتـە کێشمەکێشـمی ئەخـلاق هێشـتا بەکۆتـا نەهاتـووە و تـازە ئەوەڵییەتـی.

گـەر تەنهـا ئـەم سـێ تیـۆرەی دوایـی بهێنینـە بـەر بـاس، دەبینیـن سپێنسـەر سـوودی لـەو سـەرنجانەی داروێـن دەربـارەی ئەخـلاق وەرنەگرتـووە کـە لـە کتێبـی «بنەچـەی مرۆڤ»(i)ـدا دەیانخاتـە ڕوو؛ بـەڵام گویـو توخمێکـی گرنگـی هێناوەتـە نێـو کنەوپشـکنینی ئەخلاقەوە، ئەویـش سـەرڕێژبوونی وزەیـە لـە نێـو هەسـت و بیرۆکـە و ویسـتدا؛

---

(i) The Descent of Man.

کەچی توێژەرانی پێشوو قەت بیریان بەلایدا نەچووە. مادام هەر سیستەمێک دێت و شتانێکی نوێ سەربار دەخات، کەواتە هێشتا زانستی ئەخلاق بە تەواوەتیی شکڵی نەگرتووە و هەرگیز شکڵ ناگرێت؛ ئاخر مادام مرۆڤایەتیی هەردەم لە پەرەسەندندایە، دەبێت هەمیشە فاکتەر و مەیلی نوێ ڕەچاو بکرێت.

ئینجا، هیچکام لە سیستەمە ئەخلاقییەکانی سەدەی نۆزە، نەیانتوانی تەنانەت ڕۆشنبیرانی نەتەوە پێشکەوتووەکانیش قایل بکەن. هەر نەیگەرەک باسی ئەو بەرهەمە فەلسەفییە بێشومارانە بکەین وا دەسەپاچەیی فەلسەفەی ئەخلاقیی مۆدێرن دەنوێننەوە، چونکە باشترین بەڵگەی ئەم قایلنەبوونە، گەڕانەوەیەکی بەرچاوە بۆ ئایدیاڵیزم لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە. غیابی ئیلهامی شیعریی لە پۆزەتیڤیزمی لیترێ و سپێنسەر، دەسەپاچەیی هەردووکیان لە وەڵامدانەوەی کێشە گەورەکانی شارستانییەتەکەمان؛ هەندێک ڕوانینی تەسکبینانەی سپێنسەر کە شافەیلەسووفی پەرەسەندنە؛ ئینجا بەدرۆخستنەوەی تیۆرە مرۆڤدۆستانەکانی ئینسکلۆپیدیستە فەڕەنسییەکانی سەدەی هەژدە لەلایەن پۆزەتیڤیستەکانی دواترەوە؛ هەموو ئەمانە کاردانەوەیەکی بەهێزیان لێ کەوتەوە و بووە مایەی دەرکەوتنی جۆرێک لە ئایدیاڵیزمی ئایینیی_سۆفیگەرییانە. فەیلەسووفی فەڕەنسیی، ئەمیل فۆییە لەسەر هەقە، وەختێک ئێژێ، نوێنەرە دیارەکانی قوتابخانەی پەرەسەندن لێکدانەوەیەکی تاکڕەهەندانەیان بۆ داروینیزم کردووە، خودی داروینیش دوای

دوانزە ساڵ لە بڵاوبوونەوەی کتێبی «بنەچەی جۆرەکان»(i)، بە یەک وشەش دژی ئەم لێکدانەوەیە نەوەستاوەتەوە؛ ئەمە هێزی زیاتری بەخشیووە بە نەیارانی لێکدانەوەی سرووشتییانە بۆ سرووشتی ئەخلاق لای مرۆڤ، ئەوەی پێی دەوترێ «ڕووتییباوەڕیی»(ii).

سەرەتا ڕەخنەکان ڕوویان کردە هەڵەکانی فەلسەفەی سرووشتگەرایی، هێندەی نەبرد گۆڕا بۆ ڕەخنەگرتن لە سەرتاپای زانین، تا دەگاتە بانگەشەکردن بۆ «مایەپووچبوونی زانست».

لەوەش بترازێ، زاناکان دەزانن هەر زانستێک لە لێکدانەوەیەکەوە تێدەپەڕێت بەرەو لێکدانەوەیەکی تر، واتە لە ڕاڤەیەکەوە بۆ هەندێک لە دیاردەکان و بەرەو لێکدانەوەیەکی دەقیقتر. کەچی ئیماندار و سۆفیگەرەکان هەرگیز پەی بەم ڕاستییە سادەیە نابەن. کاتێک زانیان لێکدانەوەی یەکەم هەندێ کەموکورتی دەگرێتە خۆ، دەستبەجێ بانگەشەیان بۆ «مایەپووچبوونی تەواوەتیی زانست» کرد. لە وەختێکدا، زاناکان دەزانن، تەنانەت زانستە دەقیقەکانی وەک گەردوونناسیش، هەر بەم لێکدانەوە پلەڕیزانە پێشڤە دەچن. وەختێک زاناکان ئەوەیان دۆزییەوە کە هەسارەکان بە دەوری خۆردا دەخوولێنەوە، ئەمە دۆزینەوەیەکی مەزن بوو. بەپێی ئەم دۆزینەوەیە و لێکدانەوەی یەکەم، وەها دانرا کە هەسارەکان لەسەر خولگەیەکی بازنەیی دەخوولێنەوە. پاشان دەرکەوت نەخێر، ئەم خولگەیە زیاتر لە شکڵی بازنەیەکی درێژکۆڵەدایە، واتە خولگەیەکی هێلکەیی؛ ئەمەیان بووە لێکدانەوەی دووەم. ئینجا لێکدانەوەی سێیەم

(i) Origin of Species.

(ii) Naturism.

هـات، زانیمـان هەسـارەکان ڕێڕەوێکـی شەپۆلئاسـا دەگرنـە بـەر، بـە ڕێڕەوێکی نەگۆڕدا تێناپەڕن، بەڵکوو هـەر جارەو بـەرەو لایەکی ئەم خولگە هێلکەییە لا دەدەنـەوە. ئاخیرەن، گەیشـتینە ئـەو ڕاسـتییەی کە خۆریش بێجووڵـە و چەقیوو نییـە، بەڵکوو بـە نێو بۆشـاییدا گەشـت دەکات. گەردووناسـان گەرەکیانـە شـێوەی جووڵـە پێچاوپێچەکـەی هەسـارەکان بدۆزنـەوە کـە لەسـەر ڕێـڕەوی شـەپۆلئاسـا بـە دەوری خـۆردا دەخوولێنـەوە.

ئـەم پرۆسـەیە لـە هەمـوو زانسـتەکاندا بـەرکارە، مەبەسـتم تێپەڕینـە لـە وەڵامێکـی گریمانەییـەوە بـۆ کێشـەیەک، بـەرەو وەڵامێکـی دەقیقـتر. مەسـەلەن، ئێسـتە زانسـتە سرووشـتییەکان خەریکـی پیاچوونـەوەن بـە لێکدانەوە سـەرەتاییەکاندا سـەبارەت بە ژیان، چالاکییە دەروونییەکان، پەرەسـەندنی ڕووەک و گیانـەوەران، بنیـادی مـاددە و هتـد... واتـە ئـەو لێکدانـەوە گرنگانـەی لـە سـاڵانی ١٨٥٦-١٨٦٢ بـۆ ئـەم بابەتانـە کـراون، ئێسـتە پیاچوونەوەیـان گـەرەک، لەپێنـاو گەیشـتن بـە لێکدانەوە و گشـتاندنی باشـتر و قووڵتـر. هەندێـک کاڵفـام ئـەم پیاچوونەوەیـان قۆسـتەوە تـا بـە کەسـانێکی لـە خۆیـان کاڵفامتـر بڵێن، ئەوەتـا زانسـت نەیتوانـی وەڵام بـۆ پرسـیارە گەورەکانـی گـەردوون بدۆزێتـەوە.

ئێسـتە زۆر کـەس بـە نیـازن جێگـەی زانسـت بـە شـهوود پـڕ بکەنـەوە، واتـە بگەڕێنـەوە بـۆ مەزەنـدە و ئیمانـی کوێرانـە. سـەرەتا هەنـدێ کـەس گەڕانـەوە بـۆ کانـت و شـیلینگ و هێرمـان لۆتـزە، ئینجـا هەنـدێ نووسـەر ڕوویـان کـردە بڵاوکردنـەوەی ڕێوڕێبازەکانـی

وەک «ڕۆحباوەڕیی»(i) و «ناحەتمییەت»(ii) و «ئاپریۆریزم»(iii) و «ئایدیالیزمی کەسیی»(iv) و «شهوود»(v) و هتد... دەیانویست بیسەلمێنن ئایین نەوەک زانست، سەرچاوەی هەموو زانینێکی ڕاستەقینەیە. وەکبڵێی ئیمانی ئایینیی بەس نەبێت، ئێستە گەرەکیانە بگەڕێنەوە بۆ سۆفیزمی قەشە بیرنارد یان ئەفلاتوونیزمی نوێ. ئێستە چەمکەکانی وەک «سیمبولیزم»(vi) و «درکپێنەکراو»(vii) و«لەتێگەیشتننەهاتوو»(viii) بازاڕیان گەرمە، باوەڕهێنان بە ئەهریمەنەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بووژاوەتەوە.

خۆ ڕاستە ئەم ڕەوتانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە، بەڵام دەبینین ڕای گشتیی لەنێوان دوو بژاردەی ناکۆکدا گیری خواردووە: لەلایەک، هەوڵێکی بێهودە لەپێناو گەڕانەوە بەرەو بیروباوەڕە تاریکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بە هەموو خووڕافە و بتپەرەستیی و سیحر و جادووەکانی ئەو سەردەمەوە؛ یان لەلایەکی تر، پیاهەڵدان بە ئەخلاقبێزیی و خەسڵەتە باڵاکان، واتە مرۆڤی باڵا (سۆپەرمان) یان تاکە باڵاکان؛ لە قۆناغەکانی بایرۆنیزم و ڕۆمانسیزمی سەرەتاییدا، سەرتاپای ئەورووپا ئەم ڕێوڕێبازەیان پیادە دەکرد.

---

(i) Spiritualism.
(ii) Indeterminism.
(iii) apriorism.
(iv) personal idealism.
(v) intuition.
(vi) Symbolism.
(vii) the subtle.
(viii) incomprehensible.

ئێستە لە هەر کاتێ زیاتر، پێویستمان بەوەیە بزانین، ئاخۆ گومانەکان دەرهەق بە توانای زانست لە پشکنینی پرسە ئەخلاقییەکاندا، ڕاستن یان نا؛ زانست دەتوانێ پایەکانی ئەخلاق بدۆزێتەوە، ئەو پایانەی، ئەگەر زانست بە باشیی گوزاشتیان لێ بکات، ئەوا دەتوانێ وەڵامی پرسیارەکانی ئەمڕۆمان بدەنەوە؟

سەرکەوتنە سنووردارەکانی سیستەمە ئەخلاقییەکانی سەدەی پێشوو، سەلمێنەری ئەوەیە، مرۆڤ بە لێکدانەوەی سرووشتییانە بۆ بنەچەی پاڵنەرە ئەخلاقییەکان، دڵی ئاو ناخواتەوە. مرۆڤ گەرەکێتی ماهییەتی خودی ئەم پاڵنەرەی بۆ ڕاڤە بکرێت. ئەگەر بێین و هاوشێوەی لێکدانەوەی چۆنێتیی پەرەسەندنی گوڵێک، لێکدانەوە بۆ بنەچەکانی ئەخلاق بکەین، بڵێین فلانە هۆکار هاوکاری پەرەسەندن و شکڵگرتنی پاڵنەری ئەخلاقیی بووە، ئەمە قەت بەس نییە و باوەڕ بە هیچ کەسێ ناهێنێت. مرۆڤ گەرەکێتی لە ماهییەتی پاڵنەری ئەخلاق تێ بگات، ئەم پاڵنەرە بەرەو کوێمان دەبا؟ ئایا سەر بۆ ئامانجە دڵخوازەکان دەکێشێ، یان وەک هەندێک دەڵێن، دەبێتە مایەی لاوازبوون و لەناوچوونی مرۆڤایەتیی؟

گەر کێبڕکێ لەپێناو مانەوە و لەناوچوونی لاوازەکان، یاسای سرووشت و پێشمەرجی پێشکەوتن بێت؛ ئایا بەو مانایە نایەت: وەستانی ئەم کێبڕکێ و «دەوڵەتی پیشەسازیی»ـیەی ئۆگەست کۆنت و سپێنسەر بەڵێنیان پێ دابووین، دەبنە دەستپێکی لەناوچوونی جۆری مرۆڤ، وەکچۆن ئێستە نیچە بە پێداگرییەوە بانگەشەی بۆ دەکات؟ گەر ئەم ئەنجامە نەخوازراوە، ئاخۆ دەبێت

بـەو بەهـا ئەخلاقییانـەدا بچینـەوە وا دەبنـە مایـەی لاوازبوونـی ئـەم کێبڕکێیـە، یـان لانـی کـەم، زیانەکانیـان کـەم بکەینـەوە؟

وەک ئـەوەی ڤیلهێلـم ڤونـت لـە کتێبـی «ئەخلاق»ـدا ئامـاژەی بـۆ دەکات، پرسـی هـەرە گـەورەی ئەخلاقـی ڕیاڵیسـتیی مۆدێـرن، پێش هەمـوو شـتێک، دەستنیشـانکردنی ئامانجـە ئەخلاقییەکانـە. وەلێ ئـەم ئامانـج یـان ئامانجانـە، چەنـدە ئایدیـاڵ و دوورەدەسـت بـن، هـەر دەبێ سـەر بـە جیهانـی واقیـع بـن.

نابێ ئامانجـی ئەخـلاق شـتێکی ترانسـێندێنتاڵ(i) (دەرنشـین) بێـت، یانـی ئـەو ئامانجانـەی وا ئایدیاڵیسـتەکان بەدڵیانـە. نەخێـر، گەرەکـە ئامانجـی واقیعیـی بێـت. پێویسـتە قایلبوونـی ئەخلاقیـی لـە نێـو ژیانـدا بدۆزینـەوە، نـەوەک لـە حاڵەتێکـی دەرە–ژیانـی.

ئـەو دەمـەی داروێـن ئایدیـای «کێبڕکـێ لەپێنـاو مانەوە»ـی خسـتە ڕوو، ئینجـا ئـەم کێبڕکێیـەی وەک شـابزوێنەری پەرەسـەندنی پێشکەوتخواز نیشان دا، هەمدیسان پرسیارە دێرینەکەی وروژاندەوە: ئایـا سرووشـت ئەخلاقییـە یـان نـا. دیسـانەوە مشـتومڕەکانی دەربـارەی چەمکەکانـی چاکـە و خراپـە گـەرم کردەوە، ئـەو چەمکانـەی لـە سـەردەمی دەرکەوتنـی «ئاڤێستا»ـوە زەینـی مرۆڤەکانـی داگیـر کردبـوو؛ بـەڵام ئەمجـارە مشـتومڕەکە گەرموگوڕ و قووڵتـر لـە جاران بوو. داروینیسـتەکان، سرووشـتیان وەک شـەڕگەیەکی بەرین دەبینی، وەک گۆڕەپانـی کێبڕکێیەکـی نەپسـاوە کـە تێیـدا لاوازەکان لەلایـەن

(i) Transcendental.

بەهێز و گورجوگۆڵ و زیرەکەکانەوە پاکتاو دەکرێن؛ وەکبێژی، خراپە تاکە شتە مرۆڤ بتوانێت لە سرووشتەوە فێری بێت.

وەک دەزانرێ، ئەم ئایدیایە ئێستە بازاڕی گەرمە. گەر ئەمە وا بێ، ئیتر فەیلەسووفی پەرەسەندن ناچارە لێکدژییەک چارە بکات کە خۆی خزاندوویەتییە نێو فەلسەفەکەیەوە. ناتوانێ نکۆڵیی لەوە بکات، مرۆڤ خاوەنی وێنایەکی باڵایە سەبارەت بە «چاکە»، هەروەها سەرکەوتنی چاکە بە سەر خراپەدا، باوەڕێکی ڕیشەداکوتراوە لەنێو سرووشتی مرۆڤدا. مادام وایە، ناچارە ڕوونی بکاتەوە ئەم وێنایە بۆ چاکە و ئەم باوەڕە بە پێشکەوتن لەکوێوە دێت؟ ناتوانێ لە ڕێی ئومێدێکی ئەپیکۆرییانەوە خۆی هێور بکاتەوە، ئەو ئومێدەی شاعیرێکی وەک ئەلفرێد تێنیسۆن وەها گوزارشتی لێ دەکات: «دوا ئاکامی خراپە هەر چاکەیە». ئەمانە سرووشت وەک خاوەن کەڵبە و چڕنووکێکی خوێناویی وێنا دەکێشن، بە قسەی تێنیسۆنی شاعیر و هۆکسلی داروینیست، هەموو شوێنێک پڕە لە بەگژاچوونەوەی پرەنسیپی چاکە، نەفیکردنی چاکە لە هەموو زیندەوەرێکدا بە ڕوونیی دەبینرێت؛ کەچی دێن و دەڵێن، سەرەڕای هەموو ئەمانەش، لە کۆتاییدا هەر چاکە سەردەکەوێت. دەبێت زانای پەرەسەندن، ئەم لێکدژییە یەکلا بکاتەوە.

گەر زانایەکی پەرەسەندن پێداگر بێ لە سەر ئەوەی «خراپە، تاکە وانەیە کە سرووشت بتوانێت فێری مرۆڤی بکات»؛ ئەوکات ناچارە دان بە هەبوونی کاریگەرییەکی دەرە-سرووشتیی و سەروو-سرووشتییدا بنێت کە ئیلهامبەخشە بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ لە چەمکی «چاکەی باڵا» و هاندەری گەشەسەندنی مرۆڤە

بەرەو ئامانجی باڵاتر. خۆ ئەگەر بچێتە ژێر باری ئەم بۆچوونە، ئەوا چیتر ناتوانێت هێزە سرووشتییەکان بە تاکە سەرچاوەی پەرەسەندن دابنێت.

لە سیمیناری «پەرەسەندن و ئەخلاق»دا هۆکسلی دووچاری ئەم گرێکوێرەیە هات. سەرەتا، هەبوونی هەر جەوهەرێکی ئەخلاقیی لەنێو ژیانی سرووشتییدا ڕەت دەکردەوە، بەمەش ناچار بوو بچێتە ژێر باری قەبووڵکردنی هەبوونی جەوهەرێکی ئەخلاقیی دەرە-سرووشتیی؛ دواتر پەراوێزێکی بۆ سیمینارەکەی زیاد کرد و ئەم بۆچوونەی ڕەت کردەوە، گەیشتە ئەو ڕاستییەی: جەوهەرێکی ئەخلاقیی لەنێو ژیانی گیانەوەرە کۆمەڵایەتییەکاندا ئامادەیە.

بەڵام ڕاستییەکە بەو جۆرە نییە، تیۆری پەرەسەندنیش ئەوەندە لەرزۆک نییە و سەرناکێشێت بۆ ئەو لێکدژییانەی وا هۆکسلی بە دەستییانەوە گیرۆدە بووە؛ ئاخر، لێکۆڵینەوە لە سرووشت هەرگیز ئەم تێڕوانینە ڕەشبینانانەی لێ ناکەوێتەوە، وەکچۆن خودی داروین لە دووەمین بەرهەمی بە ناونیشانی «بنەچەی مرۆڤ»، ئاماژەی پێ کردووە. تێڕوانینەکەی هەریەک لە تێنیسۆن و هۆکسلی ناکامڵ و تاکڕەهەند و چەوتە. لەوەش بترازێ، تێڕوانینێکی نازانستییە، چونکە خودی داروین لە کتێبی «بنەچەی مرۆڤ»دا، ئاماژەی بە ڕەهەندێکی تری ژیانی سرووشتیی کردووە.

لەو کتێبەدا، داروین پێی وایە، لەنێو خودی سرووشتدا، بێجگە لە کێبڕکێ، چەندەها فاکتەری تر هەن کە مانای جیا هەڵدەگرن؛ بۆ نموونە، «هاوکاریی هاوبەش»ی نێو هەمان جۆری زیندەوەر،

بگرە ئەم فاکتەرە گرنگترە لە فاکتەری «کێبڕکێ»، چونکە دەچێتە خزمەتی مانەوە و خۆشگوزەرانی ئەو جۆرە زیندەوەرەوە. زۆرێک لە داروینیستەکان، ئەقڵیان بەم ئایدیا بەنرخە ناشکێت، بگرە ئەلفرێد ڕاسڵ والاس هەر ڕەتی دەکاتەوە. بۆیە لەڕێی ژمارەیەک وتارەوە، هەوڵم دا پەرە بەم فاکتەرە بدەم. لەم وتارانەدا، تیشکم خستووەتە سەر گرنگیی فاکتەری «هاوکاریی هاوبەش» بۆ پاراستنی جۆرەکانی گیانەوەر و مرۆڤدا، بە تایبەت گرنگییەکەی لە پەرەسەندنی ئەم جۆرانە بەرەو پێشکەوتنی زیاتر و کامڵبوون.

لەم وتارانەدا، نەهاتووم نکۆڵیی لەو ڕاستییە بکەم: زۆرێک لە گیانەوەران لەسەر خواردنی جۆرەکانی تری گیانەوەرانی نێو شانشینی گیانەوەران یان جۆری بچووکتری سەر بە هەمان پۆلی خۆیان، دەژین. بەڵام ئاماژەم بەوە کردووە، کێبڕکێی نێو سرووشت، بە زۆریی سنووردارە بۆ کێبڕکێی نێوان جۆرە جیاوازەکانی گیانەوەران؛ بەڵام لەنێو هەمان جۆری گیانەوەران و پۆلی ئەو چەشنە جیاوازانەی پێکڕا دەژین، هاوکاریی هاوبەش یاسای زاڵە. بەم مانایە، بەراورد بە کێبڕکێ، ئەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەی ژیانی گیانەوەران [هاوکاریی هاوبەش] خاوەنی ڕۆڵێکی گرنگترە لە نێو ژیانی سرووشتییدا. ئەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتییە زۆر بەربڵاوە، تەنها هەندێک جۆری بەسرووشت کۆمەڵایەتیی ناگرێتەوە، وەک کاوێژکەر و کرتێنەر و باڵندە و هەنگ و مێروو و درەختەکان و هتد... واتە ئەو جۆرانەی وا بە گشتیی، لەسەر ڕاوکردنی گیانەوەرانی تر ناژین. بەڵکوو زۆرێک لە گیانەوەر و باڵندە گۆشتخۆرەکانیش هەمان هاوکاریی هاوبەش پیادە دەکەن، بە تایبەت ئەو جۆرانەی

بەهۆی دەستوەردانی مرۆڤ و هەندێک فاکتەری ترەوە، دووچاری لەناوچوونێکی کتوپڕ نابن. بەم پێیە، هاوکاریی هاوبەش، فاکتەرێکی بەرچاوی نێو سرووشتە.

بەربڵاویی هاوکاریی هاوبەش، هی ئەوەیە، بە سوودی ئەو گیانەوەرانە دەشکێتەوە کە پیادەی دەکەن، هاوسەنگیی هێز دەگۆڕێت، ناچێتە خزمەتی گیانەوەرە ڕاوکەرەکانەوە. باشترین چەکە بۆ کێبڕکێی مەزن لەپێناو مانەوەدا، ئەو کێبڕکێیەی گیانەوەران ناچارن لە سرووشتدا ئەنجامی بدەن دژی کەشوهەوا و تۆفان و سەهۆڵبەندان و لافاو و هتد... هەمیشە پێویستی بە خۆگونجاندنە لەگەڵ هەلومەرجە گۆڕاوەکانی ژیاندا. گەر وەک گشتێک بڕوانینە سرووشت، هەرگیز شانۆی سەرکەوتنی هێزی جەستەیی و گورجوگۆڵیی و زیرەکیی و سیفەتە خوازراوەکانی کێبڕکێ نییە. ڕێک بە پێچەوانەوە، وەها دەردەکەوێت، جۆرە لاوازەکانی وەک مێروولە و هەنگ و کۆتر و کرتێنەرەکان و ئاسک و هتد... ئەوانەی قاوغ و دەنووک و کەڵبەی تیژیان نییە بۆ خۆپاراستن و هیچیان شەڕکەری باش نین؛ کەچی هەر ئەم جۆرانە توانای مانەوەیان باشترە، ئەویش لە سایەی کۆمەڵایەتیبوون و خۆپاراستنی هاوبەشەوەیە، باشتر دەتوانن ڕکابەر و دووژمنە بەهێزەکانیان دوور بخەنەوە.

پێ دەچێت کێبڕکێ لەپێناو مانەوە، لە یەک کاتدا سەربکێشێت بۆ پەرەسەندنی ڕووەو پێش و ڕووەو پاش، واتە هەندێ جار دەبێتە مایەی باشتربوون و هەندێ چار دەبێتە مایەی لاوازبوونی جۆرەکە؛ بەڵام هاوکاریی هاوبەش، لە هەموو بارێکدا، سەردەکێشێت بۆ پەرەسەندنی ڕووەو پێش و باشتربوونی جۆرەکە. هاوکاریی

هاوبەش شاهۆکاری پەرەسەندنی ڕووەو پێشە لە نێو شانشینی گیانەوەراندا، هۆکاری پەرەسەندنی درێژخایەنی هۆشی مرۆڤە کە ئێمەی کردووە بە بالاترین جۆری نێو بوونەوەران. هیچ بایۆلۆژیستێک پێی ناکرێ ئەم بۆچوونەم ڕەت بکاتەوە.

کەواتە غەریزەی هاوکاریی هاوبەش، بۆ مانەوە و پەرەسەندنی ڕووەو پێشی هەموو جۆرەکان زۆر پێویستە، بووەتە ئەو غەریزەیەی کە داروین بە «غەریزەی هەمیشەیی» ناوزەدی کردووە؛ ئەم غەریزەیە هەردەم لەنێو هەموو گیانەوەرە کۆمەڵایەتییەکاندا لە کاردایە، بە تایبەت مرۆڤ. ئەم غەریزەیە هەر لە دەستپێکی پەرەسەندنی شانشینی گیانەوەرانەوە دەرکەوتووە، ڕیشەیەکی قووڵی لەنێو گیانەوەرە بەرز و نزمەکاندا داکوتاوە، کتومت وەک غەریزەی دایکایەتیی؛ بگرە لەوە قووڵتریش، چونکە هاوکاریی هاوبەش تەنانەت لەنێو گیانەوەرەکانی وەک شەیتانۆکە و زۆرینەی ماسی و مێرووەکانیشدا دەبینرێتەوە، ئاخر ئەمانە زەحمەتە بزانن غەریزەی دایکایەتیی چییە. لێرەوە، داروین لەسەر هەقە، کاتێک پێی وایە، «غەریزەی هاوسۆزیی» [هاوکاریی هاوبەش] کارا و بەربڵاوترە بەراورد بە غەریزە خۆپەرستییەکانی تایبەت بە خۆپاراستن. بە بڕوای داروین، ئەمە ماک و تۆوی ویژدانی ئەخلاقییە، کەچی زۆرێک لە داروینیستەکان ئەمەیان بیر چووەتەوە.

هەر ئەوەندەش نا، هەمان غەریزە، سەرچاوەی هەستەکانی چاکەخوازیی و هەوڵی یەکبوونی تاکە لەگەڵ کۆمەڵدا؛ هەر ئەم هەستانەش، دەبنە خاڵی دەستپێکی هەموو هەستە ئەخلاقییە بالاکان. هەستە بالاکانی وەک دادپەروەریی و یەکسانیی و

فیداکاریی، گشتیان لەسەر ئەم بناغەیە دامەزراون. وەختێ دەبینین پۆلی پانوپۆڕی هەزاران باڵندەی ئاویی، لەوپەڕی باشوورەوە کۆچ دەکەن تاوەکوو هێلانەکانیان لە کەناراوەکانی زەریای جەمسەری باکوور چێ بکەن، لەوێ پێکەوە دەژین، ئەویش بەبێ شەڕکردن لە سەر داگیرکردنی باشترین شوێن بۆ هێلانەکانیان؛ هەروا بێتەوە، سەیردەکەی چەندەها پۆلەکەڵک [ماسیگرە] لە کەنار دەریاکاندا بە تەنیشت یەکەوە دەژین، هەریەکەیان ڕووبەرێکی دیاریکراوی ماسیگرتنی پێ دەبڕێت؛ هەزاران جۆری باڵندە و شیردەرەکان، دەتوانن بەبێ شەڕوشۆڕ، لەنێو خۆیاندا بسازێن لەسەر شوێنی خواردن و هێلانە و مانەوە و ڕووبەری ڕاوکردنیان؛ ئینجا دەبینی، هەر بەچکە باڵندەیەک پووشی هێلانەی باڵندەیەکی تر بدزێت، ڕووبەڕووی هێرشی توندی باڵندە هاوجۆرەکانی دەبێتەوە؛ لێرەوە، تۆوی دەرکەوتن و پەرەسەندنی هەستی دادپەروەریی و یەکسانیی لەنێو کۆمەڵی گیانەوەراندا دەدۆزینەوە.

ئاخیرەن، هەر پۆلێکی گیانەوەران بگرین، تا لە نزمترینەوە بەرەو بالاترین نموونەی ئەم پۆلە بڕۆین (مێروولە، زەردەواڵە، لەنێو مێرووەکاندا هەنگ؛ لەنێو باڵندەکاندا قولینگ و تووتی؛ کاوێژکەرە بالاکان، لەنێو شیردەرەکاندا ئەیپەکان و مرۆڤەکان)، دەبینین تا دێت یەکبوونی تاک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ و فیداکاریی تاک زیاتر دەبێت. بە ڕەچاوکردنی ئەم ڕاستییە، مەحاڵە بنەچە سرووشتییەکانی ئەخلاق و بالاترین هەستە ئەخلاقییەکان نەبینین.

لێرەوە، دەردەکەوێت نەوەک هەر سرووشت وانەیەکمان ناداتێ سەبارەت بە نائەخلاقیبوون، واتە بێباکبوون بەرانبەر

بە ئەخلاق، کە پێویستی بە کاریگەرییەکی دەرە-سرووشتییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی؛ نەخێر، بگرە مرۆڤ سەرتاپای تێگەیشتنەکانی سەبارەت بە چاکە و خراپە، سەبارەت بە «چاکەی باڵا»، لە سرووشتەوە قەرز کردووە. ئەم تێگەیشتنانە ڕەنگدانەوەی ئەو شتانەن لەنێو زەیندا کە مرۆڤ لەنێو ژیانی گیانەوەران و ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتییدا بەرچاوی دەکەوێت؛ پاشان ئەم جێکەوتانە پەرەیان سەندووە بۆ تێگەیشتنی گشتیی سەبارەت بە چاکە و خراپە. گەرەکە بزانرێت، لێرەدا مەبەستمان حوکمە تاکەکەسییەکان و تاکە ئاوارتەکان نییە، بەڵکوو مەقسەدمان حوکمی زۆرینەیە. ئەم حوکمانە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی یەکسانیی و هاوسۆزیی هاوبەش دەگرنە خۆ کە لەنێو هەموو گیانەوەرە خاوەن هەستوسۆزەکاندا بەرکارە؛ وەکچۆن تێگەیشتنەکانمان سەبارەت بە بنەماکانی میکانیک، کە بەرئەنجامی تێبینییەکانمانە دەربارەی ڕووی زەوی، شیاوی جێبەجێکردنە بە سەر ماددەکانی نێو بۆشاییدا؛ هەمان تێگەیشتن بە سەر پەرەسەندنی خەسڵەت و دامەزراوە مرۆییەکانیشدا شیاوی جێبەجێکردنە. پەرەسەندن و ئاڕاستەکردنی مرۆڤیش بەرئەنجامی هەمان ژینگەی سرووشتییە. پاش شکڵگرتنی دامەزراوەکانی هاوکاریی و پشتیوانیی هاوبەش لەنێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییدا، پەیتا پەیتا مرۆڤ بۆی دەرکەوت ئەم دامەزراوانە چەندە هێز و توانایان پێ بەخشیووە. لەنێو ئەم ژینگە کۆمەڵایەتییەدا، ڕەهەندە ئەخلاقییەکانی مرۆڤ تا دەهات زیاتر گەشەیان دەسەند. بەپێی توێژینەوە مێژووییە نوێیەکان، دەتوانین پەرەسەندنی فاکتەری ئەخلاقیی لەنێو مێژووی مرۆڤایەتییدا، وەک پەرەسەندنی مەیلێکی خۆڕسکی مرۆڤ وێنا بکەین لەپێناو

ڕێکخستنی ژیانی بە پێودانگی هاوکاریی هاوبەش، یەکەمجار لەنێو خێڵ، ئینجا لەنێو جڤاکی گوند، پاشان لەنێو کۆماری شارە ئازادەکاندا. قۆناغەکانی پاشەکشەکردنی لێ دەرکەی، هەمیشە ئەم شێوە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییانە بوونەتە هەوێنی پێشکەوتنی زیاتر.

نابێت مێژووی مرۆڤایەتیی، لە چاخی بەردینەوە بیگرە تا ڕۆژگاری ئەمرۆ، وەک زنجیرەیەکی بەردەوام و نەپچڕاوی پەرەسەندن ببینین. نەخێر، بە چەندین قۆناغی پچڕاندا تێپەڕبووە. چەندەها جار، لە ئەوەڵەوە دەستی پێ کردووەتەوە،_ لە هیندستان و میسر و میزۆپۆتامیا و یۆنان و ڕۆما و ئەسکەندەناڤیا و ئەورووپای ڕۆژئاوا، هەموو جارێک لە خێڵێکی سەرەتاییەوە دەست پێ دەکات و بەرەو جڤاکی گوند پەل دەکوتێت. بەڵام گەر هەریەک لەم هێڵی پەرەسەندنانە بە جیا وەربگرین، ئەوا لە هەریەکەیاندا، بە تایبەت پەرەسەندنی ئەورووپای ڕۆژئاوای پاش کەوتنی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیی، فراوانبوونی بەردەوامی تێگەیشتنی پشتیوانی و بەرگریی هاوبەش دەبینین، لە کلانەوە بۆ خێڵ و نەتەوە، تا دەگاتە یەکێتیی ئەنتەرناسیۆناڵی نێوان نەتەوەکان. لەولاشەوە، دەرکەوتنی ناوبەناوی بزووتنەوە کۆنەپارێزانەی لێ دەرچێ، کە جاروبار لەنێو نەتەوە هەرە پێشکەوتووەکانیشدا سەریان دەردەهێنا؛ ئەوا لانی کەم لە نێو نوێنەرانی هێزی پێشکەوتووخوازی نەتەوە شارستانەکان و بزووتنەوە جەماوەرییە پێشکەوتووخوازەکاندا، هەمیشە ئارەزوویەک هەبووە بۆ فراوانکردنی بەردەوامی تێگەیشتنەکان دەربارەی هاوپشتیی مرۆیی و دادپەروەریی و پەرەپێدانی سرووشتی پەیوەندییە هاوبەشەکانمان. هەر لێرەیا، لە

شێوەی ئایدیالێکدا، تێگەیشتنی تایبەت بەو شتە خوازراوانە دەبینین کە لە حاڵەتی پەرەسەندنی زیاتردا پێویستن.

بیرمان نەچێ، مادام لای توێژە ڕۆشنبیرەکەی کۆمەڵگە، دەرکەوتنی ناوبەناوی بزووتنەوە کۆنەپارێزەکان نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتیی کاتییە و نابێت ڕێ بە دەرکەوتنەوەیان بدرێت؛ کەواتە پێوەرە ئەخلاقییەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەرزترن لەوانەی جاران. ئامڕازەکانی تێرکردنی پێویستییەکانی دانیشتووان لەنێو کۆمەڵگە شارستانەکاندا باشتر بوون، ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ تێگەیشتنی باڵاتر سەبارەت بە دادپەروەریی بۆ هەمووان و پاڵفتەکردنی زیاتری پێوەرە ئەخلاقییەکان.

پاڵپشت بەم گۆشەنیگایەی ئەخلاقی زانستیی، پێچەوانەی هەموو وانە ڕەشبینانەکان، مرۆڤ نەک هەر دەتوانێ ئیمانی بە پێشکەوتنی ئەخلاقی نوێ بکاتەوە، بگرە دەتوانێ ئەم ئیمانە لەسەر بناغەیەکی زانستیی قایمتر بکات. ڕاستە ئەم ئیمانە سەرەتا هەر شهوودێکی سادەیە، بەلام مادام هەر دۆزینەوەیەکی زانستیی بە شهوودێک دەستی پێ کردووە؛ ئیتر مرۆڤ دەزانێت ئیمانێکی تەواو ڕاستە و ئێستەش لەڕێی زانستەوە پشتڕاست کراوەتەوە.

## سەرچاوە:


- الأخلاق: النشأة والتطور، بيوتر كروبوتكين، الترجمة يوسف نبيل، منشورات نقش، قامشلو ٢٠٢١.

- Ethics: Origin and Development, Pëtr Kropotkin, Louis S. Friedland and Joseph R. Piroshnikof, The Anarchist Library, New York 1922.

# Freedom of society

مـجلة حـرية المجتمع،

intellectual, political, social & seasonal magazine

FREEDOM OF SOCIETY

کۆمەڵگە

## لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلاموحسین تەنیشت ڕەشەمۆڵ-کۆشکی سەرچنارناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەڵا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون-کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەموزین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com